من خەریکە بەدەستی خۆرەوە دەسووتێم

زاریا شێخانۆڤە

لەگەڵ تاریکوروندا پێش ئەوەی خۆر بەسەر ملی باریکی شاخە دوردەستەکانەوە خۆی بکا بەمدیواو خەڵکی لەخەوی خۆش و شرینی بەیانیانی سەرخان و بکا ، من و باوکم بەدەم راکردنەوە بەسەرلەپی دەستی کۆڵانە تاریکەکاندا بەرەوکار هەنگاودەنێین. لەم کۆڵانە و گەرەکەی ئێمە هەمودەرگا دەم داقلیشاوەکان و هەمو پەنجەرە هەڵواسراوەکانی خانوە ماتەم زەدەکان لەیەک دەچن و هەردەڵێی دەستێک دروستیکردوون. هەربەهەمان شێوەش بەشێکی زۆری منالە سینگ دادراو رەنگ هەڵبرکاوەکان لەیەک دەچن و هەموش لەیەک کاتدا بەچاوی خەواڵوەوە مال بەجێدێڵن و بەرەو کاری تاقەت پروکێنی رۆژانە لەخەوی شرین دەکرێن. تائێستا نە بەگەرماو نەبەسەرما تاقەکەسێک نەیپرسی ،ئەم منالانە بەم تاریکو رونە بۆ کوێ رادەکەن ! ئاخر ئەوان بۆخۆشیان هەرراەکەن ، هەریەکە کارێک پەلکێشی دەکاو یاخۆ لەخەمی کارێکدایە، ئێمە هەمو دەبێت بەوتاریکو رونە مالبەجێ بێلین و راکەراکمان بێت تازوبگەینە پاسەکە. سەرەرای ئەمەش هەندێک جار باوکم بەخەمگینیەوە دەڵێ کورە شرینەکەم پێهەڵگرە باپاسەکە جێمان نەهێڵێ. هەمو بەرەبەیانێک پێش ئەوەی خۆر لەشی سوتاوی ئەوپێدەشتو شارە بکوڵێنێتەوە ،هەمو وەک کۆمەڵێک حەیوانی مالیکراو خۆدەپەستینە ن اوپاسێکەوە،کەلەگۆشەیەکی دیاریکراو وەک هەمیشە لەچاوەروانی ئێمەدایە .بەیانیان پێش ئەوەی ئەستێرەکان ئاسمان بۆ خۆر جێبێڵن و، پێشئەوەی سەگە بەرەڵاکانی دەوروبەری شار بکەونە وەرەوە، پاسێک بەنەرەنەر دەمانگەیەنێتە سەرکارەکانمان، کارێک، کەتەمەن و جوانیمان، وزەو تواناو سەرحاڵیمان لێزەوت دەکاو وەک لیمۆیەک تەواو ئاوی بەدەنمان دە گوشێ. کاری رۆژانە، هەمو دەنکە تامدارو گەییوەکانی شانەکانی هەناری تەمەنمان هەڵدەوەرێنێ ،هەر بۆیە زۆرێک لە ئێمە ئێواران بەسەرچای خواردنەوە خەوگرانی دەخاتە سەرچاوەکانمان و بەلایا دێین. من ئێستاش نازانم بۆ چی ئێمە کاردەکەین. ئاخر باوکم تائێستاش نەیتوانیوە قەرزەکانی بداتەوە، باوکم منی لە قوتابخانە دەرکرد بۆ ئەوەی بلۆکەکانی بۆ ئاوەرشێن کەم، بەوە هیوایەیی بەنیوە کرێیەک کەمن بەدەستی دەهێنم بتوانێ باری ژیانمان کەمێک ئاسانترکا، بەڵام وا دەرنەچو. ئاخر ئێمە مێگەلێک براو خوشکین و باوکم بەتەنها ژیانی ئەم توتکەسەگانەی پێدابین ناکرێ .باوکم بلۆکی خان و دەبرێ ، من ئەبێ بەستلێ ئاوەوە رۆژ تائێوارە بلۆکەکان ئاوەرشێن کەم .من نازانم بۆچی بلۆک ئەبێت ئاوەرشێن کرێ ، جارێک لەباوکم پرسی ، ئەو گوتی : گەوجە مەگەر نازانی بۆ ئەوەی بلۆکەکان پتەو بن و زو نەشکێن. من پۆلی سێ بوم کە باوکم لە قوتابخانە دەریکردم، ئێستا هاوریکانم پۆلی شەشن، بەڵام ئەوە سێ ساڵە حەزم لە سەعاتێکی دەستییەو باوکم ناتوانێ بۆمی بکرێ چەندجار لای دایکم شکایەتم کردوە، بەڵام ئەو دەڵێت ئێ کورە شرینەکەم تۆ سەعاتت بۆچیە، مەگەر نازانی سەعاتێک کە تۆ داوای دەکەی چەندگرانە . ئەو نازانێ بەیانیان دەجار دەبێت لەباوکم بپرس، بۆئەوەی بزانم کەی دەبێتەسەعات دەوکەی نانی بەیانی دەخۆین، هەر ئەڵێ یەشتا ماویەتی، نازانم بۆ ئەبێت نانی بەیانی سەعاتی دە بێت نەک سەعاتی نۆ، ئێ تا ئەوکاتەش من لەبرسا قۆرەقۆری زگم دێت و هێزو تاوم لەبەر نامێنێ و ئەو ستلە ئاوەقورسەم پێهەڵناگیرێ .تائێستا بەدەم بلۆک ئاورشێنکردن و ئاوکێشانەوە چەندجارێک داومە لەپرمەی گریان، بەڵام ئێستا پێم شەرمە بگریەم و بەناچاری ئەبێت دان بەخۆمدا بنێم چونکە ئێستا بومەتە دوانزەساڵان و، باوکم دەڵێ کورم تۆ ئێستا جاحێل بویت. من نازانم بۆ ئێمە هەموو لەو تەمەنە کورتەدا منالیمان لێزەوت دەکرێ و دەبین بەپیاو بەمشێوەیەش جوانترین سەردەمی ژیانمان مەقەسبر دەکرێ لەهەموو شت ناخۆشتر ئەوەیە کەدوای پشووی نانی بەیانی، ئیتر لەشت دادەهێزرێ، پێت لەگەڵ لەشدانایەت ، لەبەر عارەقەی شین ومۆر گلێنەی چاوەکانت دەبرشێنەوەو لەتەواوی چەستەت عارەقە بەکول دێتەدەر. ئێمە لەگەڵ تاریکو رونی بەیانیدا لەدەس خۆر رادەکەین و بەڵام ئەو لەگەڵ یەکەم سەعاتی کاردا بەئاستەم تیشکی شۆردەکاتەوەو پەنجەی گەرمی دەخاتە نێوقژو سینەمانەوەو هێدی هێدی دەستەمۆمان دەکاو لەناو شلەتێنی شیلەو عارەقەی لەشمان دەمانخوسێنێ. خۆر تابەرزبێتەوە ئێمە زیاتر لەخۆی نزیک دەکاتەوەو زیاتر ئێمە کێشدەکا بۆژێربالی ئاگرینی خۆی. ئەو تا بەرزبێتەوە، دەشتو دەر زیاتر زپرەی تێدەکەوێ و بەدەم سوتانەوە هەڵدەپروکێ. من بەدەم بلۆک ئاوەرشێنکردنەوە چاوم لێیەتی کەچۆن تەپڵۆسکو گردەکان بەترسو لەرزەوە رادەکەن و چۆن داروبەرد رەنگیان رەش رەش هەڵدەگەڕێتو یەکپارچە دەبن بە خمخانە. لەگەڵ ئەوەشدا من دەبێ ریزە بلۆکەکان بۆ ئاوەرشێنکرن ئەم دیو ئەودیوکەم هەندێجار چاوم لێیەتی باوکم چۆن جونجون عارەقە لەسینەوگۆنەی دەتکێ و چۆن رەنگی هەڵبزرکاوەو چۆن کراسە خۆربردووەکەی لەناو عارەقەی پشتیدا چۆرەیدێت. من نازانم دڵم بەخۆم بسوتێ یان بە باوکم، بەڵام دەزانم خۆر دڵی بەئێمە ناسوتێ ، ئەو بەتەمایە ئێمە بەسەرکارەکەمانەوە بتوێنێتەوە. جارجار هەناسە بایەک بەتامەزرۆیەکی زۆرەوە عارەقەی شوێری لەشمان دەلێسێتەوە، بەڵام ئەویش بەچێژی عارەقی جەستەمان مەست دەبێتو هەرهێندەی پێناچێت دەبێت بە«گرەو» پێستی دەم و چاوو لەشمان چرچ دەکاتەوە. باوکم هەندێک جار بەدەم بلۆک برینەوە بانگ دەکا، کورم بەماست کەمێک دەم و چاوو پشت ملت چەورکا، تا گرە نەتباو توشی زگ ئێشەو زگچوون نەبیت .

نیوەروان لەژێر کەپرەکە سەعاتێک پشوو دەدەین، بەڵام نازانم ئەم سەعاتە بۆ هێندە زوو دەروا، وەک ئەوەیە کەکاتیش لەدەس سوتان رابکا. من ناولەپی دەسم هەمووی بووە بەتۆقلە، چیمەنتۆو بلۆک بەجۆرێک ناولەپی دەستی بردوین کەمن هەندێک جار ناچارم گۆرەویەکان لەپێدابکەنم و تەریان کەمو ئەوجا بیانکەمە دەستم، بەڵام ئەمەش چارەسەر نیە، چونکە ناولەپی دەستم بەدەم کارەوە هەردەبرشێتەوە.ئەم بلۆک برینە کۆتایی نایە ، من نازانم ئەم هەموو خانووە بۆ کێیە ! ئێمە تائێستا بۆخۆمان خانوویەکی دوو ژووریمان هەیە، هەرکە خۆرهەڵهات ئەبێت بەدۆزەخ ، لەگەڵ ئەوەش دایکم دەڵێ ،کورم دەبێت شوکری خواکەن ، ئەی ئەوانەی خانوویان نیە چی! بەڵام ئێمە هەموو خەریکین لەم خانووە نزمو پەنجەرە بچوکانە دەگەنێین، کەچی دایکم دەڵێ دەبێت بەم بەشە رازی بین، بەڵام زۆرجاریش هەربۆخۆی لەدەس گەرماو بێ کارەبایی هەراساندەبێتو دەڵێ دەک خوایە بەسەریەکدا وێرانی کەی، ئاخر ئەمە خانووە یاجهەنم! ئێمە هەموو لەو خانووە بچکۆڵەیەدا هەروەکو ئاژەڵ بەسەریەکدا دەنووین. تەنانەت دایکم هەر لەناو ئێمەدا خوشکە بچکۆڵانەکەمانی بوو، ئێمە ئەو شەوە هەتا بەیانی گریاوین ، لەگەڵ زیرەو هاواری دایکمدا ئێمەش هەموو هاوارمان لێبەرز دەبوەوە، هەموو خەریکبوو لەتاو ژانی دایکمان ئاگرمان تێبەر بێت ، هەموومان چووبوینە ئاشپەزخانەکەو خۆمان نووساندبوو بەیەکەوەو دوعامان دەکرد کەدایکمان نەمرێو منالەکەی بەزیندووی بێ، ئێمە هەموو لەوە تۆقیبووین کەدایکمان منالەکەی لەباربچێ ، یاخۆی بەسەرمنالبونەوە گیانی لەدەسدا، بەڵام خۆشحاڵانە نە دایکم مردو نەمنالەکەشی لەبارچوو، ئێستا ئێمە هەموو وەک توتکە سەگ ئێواران بەدەوری دایکماندا کۆدەبینەوەو سەردەخەینە سەررانی ئەو، ئەویش وەک هەمیشە، بەقوربانمان دەبێتو پشتمان نەوازش دەداتەوە. ئێواران هەموو شەکەتو ماندوو لەکار دەگەڕێینەوە، هەندێک لەمنالان لەوکاتەدا لەکۆڵانەکان خەریکی تۆپان و یاری کردنن، بەڵام من چیدی منال نیم ، من ئێستا شان بەشانی باوکم کاردەکەم ، تەنها لەبەر ئەوەی براو خوشکە بچکۆڵەکانم رووتو رەجاڵ نەبن. بۆ ئەوەی «سروە» بۆ قنچکە گۆشتێ سوێی نەبێتەوە، بۆ ئەوەی «سەردەم» هێندە نانی هیشک لەژێر هەنگڵان نەنێ. ئێمە هەموو ناچارین تەن بەم کۆیلەتیە بدەین. مانگەکەی پێشوو گووتم باوە قەیناکە ئەم مانگەش سەعات بۆمن مەکرە، بەڵام لەجیاتی ئەوە جووتێ پێڵاوی جوان بۆ سروە بکرە، گووتم باوە بەڵام بەشەرتێ خۆم پێڵاوەکەی بۆ دەکرم ، باوکم هەرزوو رازی بوو، چونکە جوتێ پێڵاو لە تاکێک سەعات گەلێک هەرزانترە. کاتێک کەپێلاوەکەم بۆ سروە کری ، سروە لەخۆشیا خەریک بوو شاگەشکە بێ، ئەو بەدبەختە تا ئەوکاتە بەپێی پەتی بەناو حەوشەدا بەدوای دایکمدا رایدەکرد. ئەوە بۆ دوساڵ دەچێت کە وازم لە بلۆک ئاوەرشێنکردن هێناوەو ئێستا شانم بەشانی باوکم بلۆک دەبرم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش باری ژیانمان هەرباشتر نەبووە. من قەت باوەر بەوە ناکەم کە بەکرێکاری باری ژیان باشتر بێت، هەرچی دەکەین و دەبەین کاری کرێگرتەیی تەنها هەر بەشی نانی رۆژانە دەکا. ئەو رۆژە بۆ ئەوەی لەتونێتیدا نەخنکێین خاوەن کارەکە هەندێک ئاوی خواردنەوەو نیو کێل سەهۆڵی بۆ هێناین . هات لەمن نزیک بوەوەو بەخەندەیەکەوە پرسی، ها هاوکار چۆنی ، بلۆک برین خۆشترە یا ئاوەرشێن کردن، نەمزانی چی بڵێم، بەناچاری گوتم مەگەر نابینی چۆن بەدەستی خۆرەوە دەسوتێم، گوتی راست دەکەی کورم، ئەمە گەرما نیە، بەڵکو دۆزەخە، بەخێرایی سواری « بیئێمڤەکە»ی بوو بەچاونوقانی لەو ناوە ونبوو.

٢٠٠٧/١٠/١٩

sarya_shexanova@yahoo.de